# عباس شوان خەو بە پاسپورتی کوردستانەوە دەبینێ

**خالد صالح**

salihkhaled@hotmail.com

راپورتەکەی عباس شوان بەناونیشانی "کۆماری کوردستان بێ ئالآبوو" خوێندمەوە. کە لەوێدا بە ئەنقەست ئاماژەی بۆ بەشداری ژمارەیەك لە رابەرانی ناسراوی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ئاهەنگی یادی کوماری مەهاباد کردوە. کە دیارە درۆیەکی ئاشکرایە و تەنیا بۆ خولاننەوەی دەستاڕە سواوەکەیەتی کە دەمێکە بەهۆی چوونە پێشەوەی فەرهەنگی نووسینی رۆژنامە گەری ئەم شێوە لە نووسین وەلانراوە. دواتریش لە وەڵام بە راگەیاندنێکی لێپرسراوی رێکخراوی فنلاندی حیزبی ئێمە دیسانەوە پەنای بردوەتەوە بەر قسەی هەلەق ومەلەق و درۆ کردن کە دیارە تا ئێستا چەندین جاری تریش بەو شێوەیە لە دژی ئێمە قسەی بێ سەرو بەری لە راپۆرتەکانیدا بڵاوکردوەتەوە.

لێرەدا من بە پێویستی دەزانم کە وەلامێکی کورت بەو قسە هەلەق و مەلەقانەی عباس شوان بدەمەوە لەبەر ئەوەی لە راپۆرتەکەیدا ناوی منی هێناوە و هەر بە بینینی من لە بەشێکی ئەو ئاهەنگەدا، عباس شوانی شا گەشکە کردوە و چەندین جارەی کردوە ومنی کردوە بە ژمارەیەك لە رابەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری. دیارە ئەم برادەرە هەر وەك لە نووسینەکانی تریشیدا دەردەکەوێ سوێندی خواردوە کە لە هەر شوێنکدا قەلەمی خستە سەر کاغەز دەبێ قسەیەکی بێ سەرو بنی خۆی لە دژی ئێمە بنووسێ. لە خۆیەوە بەدەم ئێمەوە قسە هەڵدەبەستێ بۆ نموونە بەوەی کە گوایە ئێمە هەموو کەسێك بە ڕابەر دەزانین و بۆ خۆیشی حوکم لەسەر قسە هەڵبەستراوەکانی دەدات. دیارە لەم جۆرە نووسینانەش بەلای ئێمەوە تازە نین پێشووتریش کەسانێکی وەکوو عەباس شوان قسەکانی دوژمنانی ئێمەیان خستوەتە پال ئێمە وە لەبەر خاتری هەندێ پەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئامادەی هەموو جۆرە درۆ هەڵبەستنێکن.

بەڵی من بەشانازیەوە دەڵێم کە تەواوی تەمەنی هەڵسوورانی سیاسیم بۆ چەپ ولەسەنگەری کۆمۆنیزمدا بووە، هەروەها لەسەرەتای دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقەوە من کارو هەڵسوورانم تێدا کردوە و درێژەم پێ داوە. با عباس شوان ئەوەش بزانێ کە لانی کەم مێژووی رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە تەواوی رەوتەکانی دیکە کە ئەو پییاندا هەڵدەخات بێ گەرد ترو راستگۆ تر بووە. ئیمە زۆر جەریئانە باسی کۆمەڵێك بابەتی گرنگ دەکەین کە پەیوەندی بە چارەنووسی خەلکی کوردستان و نەهێشتنی دەسەڵاتداریەتی دیکتاتورەکانە، بۆیە کەسانێکی وەکو عباس شوان پەیدا دەبن کە ئەوەی لە سەر دڵیاندا کۆبووەتەوە بە ڕاست و چەپدا بەسەری ئێمەیدا هەڵدەڕێژن.

قسەی من بۆ عباس شوان ئەوەیە کە با تۆزێك چاو بکاتەوە وە راستیەکان وەك خۆی ببینێ. لەو خەوە خۆشەت هەستە کاکی خۆم بروا بکە ئەو لایەنانەی کە تۆ بەرگریان لێ دەکەیت جورئەتی ئەوەیان نیە پاسپۆرتت پێ بدەن، بە پێچەوانەوە خەریکن سوێند بە یەکپارچەیی عیراق و ئێران دەخۆن و لە قسەی ئاغاکانی بەغدا و تارانیان دەرناچن. ئەو ئەرکەی کە لە هەموو ولاتانی دنیادا ناسیونالیزم پیێ هەستاوە، لە کوردستان ئیمە ئەنجامی دەدەین، بۆیە ئەگەر لە ئەمرۆدا کەسێك داوای پاسپۆرت دەکات دەبێ بێت لەدەوری سیاسەتی جیابونەوەی کوردستان کۆببێتەوە و خەباتی بۆ بکات. ئەوەش ڕۆشنە لەناو تەواوی حیزب ولایەنەکاندا تەنها حیزبی ئیمەیە کە ئەو دروشمەی بەرزکردوتەوە.